# هۆرامان

ژماره 9 ی ساڵەو یەرەمی




2008

گۆڤارو هۆرامانی وەرزین و سەرو تۆڕەو ئینتەرنێتیۆ بەرمشۆ

سەرنووسەر: ئاسۆ بیارەیی

بەپاو یاساکا چاپکەردەی مافو ئی گۆڤارەیە پارێزیان

پەی پێوەندی کەردەی assobyari@yahoo.com

## پەلیانەو هۆرامانی هەڕەشا ترکیەی بە لەشکەرکەشی پەی سەروو کوردستانی مەحکووم کەرو



### خەباتکارا ڕاو ئازادی و دیموکراسی!

### هام وەڵاتیە وشەۆیسا !

هەر پاسە ئاگاداریندی، ئینە ماۆیۆا ترکیە بلزاروو هەڕەشاش پەی سەروو کوردستانی و بە بەهانی نابوود کەردەی پارتوو کریکارا کوردستانی گەرم کەردەن. حکوومەتی ترکیەی دلی ئا حکوومەتانە کە پەشتی بە جەنایەتی ۆیەردەیاشا بینا و شانازیشا پۆ کەرا یاگی بەرجەستیشا هەنە. دەسەڵات داری ئی کشوەریە ویشا بە وارسا چەنگیزی و تەیموری و عوسمانی منیارە و تەلاش کەرا تا مەردمەکەیشا دۆروو بەروو ئا باۆەڕانە گلیری کەراۆە بەڵام پیشرەفتوو زانستی و تکنیکی بە ڕادیۆی فرە ئاۆیش کەردینەنە چیروو ئی پەی لۆایا.  مەردم یاۆانەنە کە ئی شوعاری نە کوگێۆە مەرزنارە و نە لەمیۆە تیرە کەرا.  پەیامەدی ئی وەزعی کاریۆشا کەردەن تا حکوومەتی ترکیەی بە پەلە گنا فکروو ئانەیە کە جە یەکیەتی ئورووپایەنە یاگیۆە پەی کشوەرەکەیشا کەراۆە، تا بەش چاگۆ دەسگروییۆ کریا. چەنی ئینەیچە وهام کات گرد پیچیۆ مدا ۆەنە تا بە تەمامی تیشە نەدا ئۆ ڕیشەو ئا شوعارا کە ئانا ئادیش یاۆنێنی پەنە. دیارا کە ئورووپاییچ  نانشا بە گوشی نەژاۆان و چی میدانەنە هەر تاۆە چەکوشیۆشا مدا ۆەنە و ڕەنگیۆیشا مرمانا. مەسەلی پاشیل کەردەی دیموکراسی و مافوو میللەتوو کوردیشا، هەر زوۆن ۆەنە ڕاس کەردینێ. سەروو ئینەیە ئیندە ئی بەرە و ئۆ بەرەشا پەنە کەردینی ئاۆمروو هیچ مەجلسیۆیشا پۆ ناستینی. تازەیچ بە گەرمی  قەتڵ عامەو یەک ملیون و نیم ئەرمەنیا بە دەسوو عوسمانیاشا جە ساڵەو 1915یەنە  ۆەنە زیندی کەردینێ. بە جوریۆ کە کەتمانوو ئی جنوسایدیە جە فەرانسەنە جەریمەش پەی دیاری کریان. ئانا چی ڕۆایچەنە کونگرەو نمایەندەگا ئەمریکای، ئەمریکێۆ کە ساڵەها پەشتیۆانوو ترکیەی بیەن و گرد عەیبیۆش پەی ییینە کەردەن، ئا جەنایەتشە بە جنوساید دا قەڵەم. جا ترکیەی بە پەڕو کریا و جە گرد یاگیۆی بڕیا، سەر ۆەنە شیۆیا ئینا شونەو ئانەیۆ تا بە هەر جوریۆ بیەن بە خەیاڵوو ویش، لانی کەم بەشیۆ جە ئاۆەڕووی شیەیش باروۆە پەی ئینەیچە لەشکەر کەشی پەی سەروو ماڵ و حاڵوو مەردموو کوردستانیش ۆسەنەنە دستووروو کاریش و هەڕەشیش کەروهەرچند گردما مزانمی کە سەرەنجامو جەنگوو دەسەڵاتا چەنی میللەتا هەر فرەو وەختا بە پیروزی میللەتەکا تەمامیان و تەمامیو، بەڵام دیارا دەسشانای دەسەڵاتیۆی سەرۆنە شیۆیای پیسە ترکی، جە کوردستانوو ئلرویەنە  متاۆو زیان بەخش بو. پی بونۆ پەلیانەو هۆرامانی دەنگوو ویش ۆزونە پاڵوو دەنگوو خەباتکارا ڕاو ئازادی و دیموکراسی و ئی هەڕەشا ترکیەیە بە سەختی مەحکووم کەرو.

پەلیانەو هۆرامانی

27-10-2007 http://www.hawraman.com

| بابەت | نوسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| کەیسو زوانو کوردی | ئاسۆ بیارەیی | 4 |
| مێژوو و پێشە و کاری.. | ئەردەڵان عەبدوڵا | 6 |
| ئەلتەرناتیڤو کوردی مشوم چیشبو؟ | هەورامان عبدالرحمان | 10 |
| بە کوردم مزانی یان چێش ؟ | شاخەوان /// بەریتانیا | 13 |
| دەنگو باسو هونەرو هۆرامانی | دنیای هەتاحی | 16 |
| پەیمانەو ساڵی تازی فیرگە و ... | هاوار نەقشبەندی | 16 |
| ریزوار ریژینە | رێژین کورد/باشورو کوردستانی | 17 |



پیرۆزبۆ هەشت ساڵە و ئەرەمەرزیای بەرنامەو هانەی ڕەنگینەی

هیواداریێمی هەمیشە کەشەدار و بەدەنگ بۆ پەی هۆرامانی

# زمان و ناسنامە دوو فاکتەری جیاوازن بۆ نەتەوە

# تکایە تێکەڵیان مەکەن!



ئاسۆ بیارەیی/17-9-2007 سوید

کەیسی زمانی یەکگرتوو 10

بۆ هەموو ئەوانەی کە لە هەورامی بوون، فەیلی بوون، کرمانجی بوون و بەشەکانی تری کوردی تۆقیون کە هەر یەکێکیان ببێتە زمانی سەربە خۆ و نەتەوەیەکی دی لە داهاتوودا. هوشیاری نەتەوایەتی لای کەسێک زۆرگرنگترە لەوەی بە کام زاراوە یان زمان قسە بکات. وولاتی هند کە لەیەک ملیارد زیاترە، خاوەنی 415 زمانە، بەڵام لە باکورەوە بۆ باشووری هەموو خۆیان بە هاونیشتمانی هندی دەزانن. لێرەدا زمانی ئینگلیزی وەکو فاکتەرێکی یەکگرتنەوە و پردی بە ستنەوە، بەهۆی ئاڵوگۆڕە ئابوریەکان بە کاردەهێنن، لە پاڵ خوێندنی 23 زمانی فەرمی لە کەرت و ناوچە جیاجیا کانی. بەلام کورد ناتوانیت عەرەبی، فارسی یان تورکی بەکاربهێنێت، چونکە ئەوانە نەتەوەی سەردەستن و کوردستانیان داگیرکردووە. واتە بەکارهێنانی ئەو سێ زمانە چارەسەرێکی نەزۆکە.

ئەو کەس و قەڵەمانەی لە پاڵ بیانوی هەمەچەشنەدا کە دەخوازن دیکتاتۆرێکی زمان، شێوە ئەتاتورکێ لە کوردستان دروست بکەن، زۆر لە ڕاستیوە دورن، وپرۆسەی ناسنامەی نەتەوایەتی و زمانی یەکگوتوو تێکەڵ دەکەن و لە پلانداندن بۆ کەرتکردنی کورد بۆ چەند نەتەوەی جیا. راستە زمان فاکتەرێکی گرنگی نەتەوەیە، بەڵام ئەوە ناسنامەی نەتەوایەتیە، کە هەستی یەکبوونی نەتەوایەتی دەبەخشێت بە هاونیشتمانی نەتەوەیەک نەک زمان. ئەگەر ناسنامەی نەتەوایەتی لە سەر بنەمای زمان بوایە، دەبوو بۆ نموونە ئەمریکا لاتین کە بە سپانی دەئاخەفن، هەموویان خۆیان بە سپانی بزانیایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، چەندەها وولات و نەتەوەیان پێکهێناوە و سەربەخۆشن. نزیکترین نموونە سویسرا و بە لجیک کە هەردووکیان بە چەند زمانی جیا جیا قسە دەکەن. یان ئەو کوردانە کە عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن و زمانی کورد نازانن، دەبێت خۆیان بە کورد دانەنێن! ئێمە نموونە فەیلی دەهێنینەوە، کە هەندێکیان تەنها عەرەبی و فارسی دەزانن، بەڵام هەستی نەتەوایەتیان زۆر بەهێزە و ناسنامەیان کوردە. لێرە هەستی پێوەست بون و ناسنامەی نەتەوایەتی زۆر گرنگە. هەمان شت لە ئەورپا، هەندێ منداڵی ڕەوەندی کورد، هەرچەندە زمانی کورد نازانن، بەڵام ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان وەکو کوردێکی ئەوروپی دەناسێنن. کەواتە دیسان بیرۆکەی زمان ئەو گرنگیەی نیە کە ئێمە بێن و هەورامی یان کرمانجی قەدەغەبکەین. لایەکی کوردەکانی باکور، زمانی کوردی نازانن، بەڵام خۆیان بە بەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد دادەنێن. هەمان شت بەشێک لە عەرەبەکانی جەزایر کە بە فەرەنسی دەئاخفن و خۆشیان بە بەشێکی ئومەی عەرەب دەزانن. هەمان وێنە بۆسنەیەکان کە زمانەکەیان سەربوکرواتیە و جیاوازیان زۆر کەمە، بەڵام خۆیان لەگەڵ سەربەکان بە نەتەوەیەکی جیا دەزانن. بەڵام زۆریەی ئەو کوردە قەڵەم بەدەستانەکە دەیانەوێت سۆرانی بکەن بە زمانی ستاندارت، لە موسڵمانێکی شۆڤێنستی عەرەب، عەرەب ترن و شانازی بەعێراق بوونی خۆشیانەوە دەکەن، کە بەشێکە لە ئومەی عەرەبی داگیرکەر. کەواتە کێشەی بووژاندنەوەی ناسنامەی کوردی زۆر گرنگترە لە کێشەی زمان،

بەتایبەتی لە باشووری کوردستان. بۆیە هەرکاتێک کوردێکی باشوور ووتی من کوردم و عێراقی نیم، ئەوسا دەتوانرێت بووترێ کە ئێمە سەرکەوتووین کە دروستکودنی ناسنامەی نەتەوایەتی.

کارەساتی نەبوونی ناسنامەی نەتەوایەتی لەوێوە دەست پێ دەکات، کە سەرۆکێکی کورد، وەکو جەلال و مەسعود، شانازی بەعێراقی بوونی خۆیانەوە دەکەن و نازانن ئەو بۆچونە چەند زیانبەخشە بۆ داهاتووی نەوەکانی باشووری کوردستان. هەمان شت مەلا و ئاین پەرەوەرەکان، کاتێک خۆیان بە موسڵمان دەزانن پێش ئەوەی کوردبن. لێ مەلا یەک یان سەرکردەی ئەو نەتەوانەی کە کورد ستانیان داگیرکردووە، بە هیچ شێوەیەک، ناسنامەی خۆیان ناکەن قوربانی نەتەوەیەکی تر. بە داخەوە ئەو دیاردەیە، خۆ بەعێراقی زانین، خۆ بە ئێرانی زانین و تورک زانین لە ناو گەلی کورد زۆر بەهێزە.

**ئەنجامگیری** کێشەی سەرەکی ئەمرۆ کورد کێشەی ناسنامەی نەتەوایەتیە، نەک زمان. کە کورد هەستی کرد کە یەکەیەکی پێوەست و یەکگرتووە، ئەوسا زمانی یەکگرتووش ئاسان دەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر ئێمەش زمانی ئینگلیزی بکەینە زمانی بەستنەوە و عەرەبی، فارسی و تورکی وەلانێین، پێم وایە نزیک بوونەوەمان لە یەکتر ئاسان دەبێت. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین کاریگەری ئەو سێ زمانە لە سەر نەوەکانمان نەهێلن تاکو بتوانین باسی زمانی یەکگرتوو بکەین. عەرەب وەکو نەتەوەیەکی داگیرکەر بەوپەڕی جۆشەوە ئیسلام بۆ تەعریبکردنی کورد بە کاردەهێنێت، هەروەها فارس و تۆرانیەکانی تورکیا، چونکە بۆ ئەوان کورد لە بازنەی تەعرینی ئیسلام دەرنەچێت قازانجترە. نەک ئینگلیزی کە زمانێکی زانستیە و نەوەکانی کورد سوودی لێ وەردەگرن. لێرە دیسان ئەرکی هەموومانە کە پەرە بەبەشەکانی زمانی کوردی بدەین و پرۆژەیەکی خوێندن دابرێژن لە سەر بنچینەیەک، کە کورد وەکو نەتەوەیکی یەک ناسنامە کوبکاتەو. هەروەها زۆر گرنگە، کە ئەوانەی کەناسنامەو زمانی کوردیان لا گرنگە بێن، با بەدیالۆگێکی زاستی بۆچونەکانی خۆیان بخەنە بەردەم، نەک هەوڵدان بۆ تێکدان و شکاندنی بڕبڕەی یەکبوونی نەتەوەییمان. بۆ؟ چونکە ئەگەر ڕێزی کەسایەتی ناسنامەی زاراوەیی بەشێکی کورد نەگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر هەورامی لە بیربکرێت، دوورنیە هەورامیەکان لە داهاتووێکی نیزیکدا چی دی خۆیان بە کورد بزانن، هەمان دۆخیش بۆ کرمانجێک و فەیلییەک. بۆیە ئەو بۆچونە زانستیە، پێویستە بۆ گردکردنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی. لە هەمووی گرنگتر، پیویستە تاکی کورد ناسنامەی خۆی تێکەڵ بەو وولاتانە نەکات کە کوردستانیان داگیرکردووە.

لە وولاتی هند، بۆیە زمانی ئینگلیزی بە کار دەهێنرێت، چونکە: ئینگلیزی زمانێک جیهانی و گڵۆباڵە کە ئەمرۆ پیوەندی زۆری لە سەر ئاستی جیهان پێ دەکرێت ، بۆ نموونە پێوەندی ئابوری نێوان نەتەوەکان . بۆ خوێندکارێکی هندی فێربوونی ئینگلیزی زۆر سوودمەندە لەوەی کە بەزمانێکەوە خۆی خەریک بکات کە لۆکاڵە، بۆ نموونە سینی یان یابانی. هەمان دۆخ بۆ خوێندکارێکی کورد، لە باتی کات بە فێردان بۆ فێربوونی عەرەبی، ئینگلیزی زۆر سوودمەنترە، چونکە لە دنیای زانستی بە ئاسانی ئاشنای دەکات.

# مێژووی پشە و کاری دەستی لە ناوچەی هەورامان



ئەردەلان عەبدوڵڵا-ئاڵمان

مێژووی پیشەوکاری دەستی لە ناوچەی هەورامان دا... ئەردەلان عەبدوڵڵا

کەباسی هەورامانمان کرد یەکسەر کۆتری هزرمان بۆ (گوێزو باخ و کڵاش و فەرەنجی و ڕانکوچۆغە) و چەندین کارو دەسترەنگینی تر دەفرێت. لێ بەداخەوە کاتێک ساڵێ پار گەڕامەوە زێدی باوباپیران، ئەوهەورامانەم نەبینی کەقانیع و گۆران وەسفیان کردووە.

حەزرەتی قانیع دەفەرمێت:

تا کڵاشی بەن چنی ژێرمەحکەمی خۆم دەس بدا



قۆندەرەی تەسک وتروسک ولارو خوارم بۆچییە؟

تاسەبیلی زەردوسوری فیتکەدووری خۆم ببێ

فڵتە فلتی نێرگەلەو، تۆپی سیغارم بۆچییە؟

ڕانکۆچۆخەم دەس کەوێ، چیمە لەفاسۆن وحەریر؟

جاوی خۆماڵیم ببێ، چیتی توجارم بۆچییە؟.

کاتێک بەناوبازاڕی تەوێڵەدا گەڕام، سەیرم کرد هەموو دوکانێک بەشمەکی قەڵبی تورکی وئێرانی ئاخنراوە. زۆرسەیرە جاران هەر لەوبازاڕەدا (لەکڵاشەوە تادەگاتە بچووکترین و گەورەترین پێویستی ژیان)، خەڵکی بەدەستی خۆیان دروستیان کردووە. کەچی ئەمڕۆ خەڵکی بەجارێک وازیان لە سەنعات و پیشەکانی جارانیان هێناوە. تاڕادەیەکی ترسناکیش ئەو پیشەو سەنعاتانەی کەپێشتر لە هۆرامان هەبوون، خەریکە لەبیری نەوە نوێکاندا دەسرێتەوەو نامێنێت. هەربۆیە پێم باش بوو، لەم ووتارەدا کەمێک باسی ئەوپیشانە بکەن، کەپێشتر لە ناوچەی هەوراماندا هەبوون. هیوادارم ڕێکخراوە ڕۆشنبیری وفۆلکلۆریەکان، هەوڵی جدی بدەن بۆئەوەی ئەو کاروشمەکانە کۆبکەنەوە، کەپێشتر لەم ناوچەیەدا دروستکراون. لێرەلە ئەوروپا کاتێک دەچیتە هەرشارێک، مۆزخانەیەکی تایبەت بەوکاروپیشانە هەیە، کەپێشتر لەو شارەدا یان لەوناوچەیەدا دروستکراون. هیوادارم لەکوردستانیش مۆزەخانەیەکی تایبەت بەوکاروپیشانە دابنێن، کەپێشتر لەکوردستاندا هەبوون، بەتایبەت ناوچەی هۆرامان، چونکە کاروپیشەی دەستی لەم ناوچەیەدا، لەهەموو ناوچەکانی تر زیاتربووە.

بۆچی پیشەو کاری دەستی لەهەوراماندا زیاتربووە تا ناوچەکانی تر؟

دیارە لەناوچەی هەورامان چەندین شمەک وکاڵای جیاواز دروستکراوە. کەبەشێکی زۆریان بۆپێویستی ڕۆژانە بەکارهێنراون و، هەندێکیشیان پێویستی گرنگی ژیانی خەڵکی بوون. لێرەدا قسەیەکی کارل مارکسم بیردەکەوێتەوە، کەدەڵێت (پێویستی دایکی داهێنانە) . هەر ئەوپێویستیەش وایکردووە، کەخەڵکی بیرلە دروستکردن و داهێنان بکەنەوە. دیارە ناوچەی هۆرامان بەحوکمی سەختی ناوچەکەی، وایکردووە تاڕادەیەکی زۆر لەناوچەکانی تر بەشێوەیەکی دابڕاوی بمێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە زۆرجار ئەم گۆشەگیریە بەسەریا سەپێنراوە، بەتایبەتی لەکاتی هێرشی عەرەبە بەربەریەکانی سەحرای عەرەبی، کەوایکردووە ناوچەی هۆرامان بۆماوەی زیاتر لە سێ سەدساڵ بەرگری و دژایەتی هێرشی عەرەبی بەربەری بکاتەوە. زۆرجاریش بەحوکمی کێشەی خێڵەکانی تر لەگەڵ هۆرامیەکان، وایکردووە کەخەڵکی بەناچاری گۆشەگیربن و تەنها لەناوچەکەی خۆیاندا بمێننەوە. ئەم هۆیانەو چەندین هۆی تریش، وایکردووە کەپیشەوکاری جۆراوجۆر لەم ناوچەیەدا دروست ببێت. ئەو کاڵاو شەمەکانەی لە هەوراماندا دروستکراون.

دیارە لەهۆرامان کۆمەڵێک شتی سەیروهەمەجۆر دروستکراوە. لێ من زیاتر باسی ئەو شمەک و کاڵایانە دەکەم، کە لەتەوێڵە دروستکراون، بەداخەوە زانیاری زۆرم لەسەر دێهاتەکانی تر نییە. ئەوەی جێگای سەرنجە، کۆمەڵێک ژنی وەستاش لەم ناوچەیەدا، خەریکی کاری پیشەیی بوون. هەوڵ دەدەم لێرەدا ناوی بەشێکیان تۆماربکەم.

چەقۆ، قەڵەم بڕ، کاردی (چەقۆی گەورە)، تەبەنی (سووزگ) .

چەند کەسێک خەریکی دروستکردنی ئەم شمەکانەبوون، دیارترینیان، ئوسا (وەستا) حەمەی ئۆل مەجید، ئوسا ئۆل کەریم، حاجی خدر. دیارە حاجی خدر دەستی چەخماغسازیشی هەبووە و تفەنگ و چەکی چاکردۆتەوە.

خومچی (ڕەنگ دروستکەر)

لەتەوێڵە ڕەنگ زۆریەکارهێنراوە، بەتایبەت بۆ بنی کلاش و کەوش و فەرش. هەربۆیە ڕەنگ بۆتە کەرەستەیەکی خاوی گرنگ بۆ چەند پیشەیەکی تر. ئەوەی کەناویانگی لەم کارەدا دەرکردووە، خاتوو (ئوسا زیتەکەڕ و کچەکەی ئوسا سەلما) بوون.

قاپ و قاچاخی ناوماڵ

گۆشاو، (وەکو مەنجەڵ وابووە، چێشتیان پی لێناوە، دوو دەسکی هەبووە)

کەشکەساو، (وەکو تەشتێکی گەورەبووە بۆ ساوەرودۆینە بەکارهێنراوە) .

کەنۆ، (واتە گۆزە، یان بەرمیل کەبۆ زەخیرەو گەنمیان تێدا پاراستووە) .

جگەلەمانیش تەنوور ی نان، قۆڕی چای، سوراحی، سەماوەر، جامی ئاوخواردنەوە دروستکراوە، . ئەمانە هەموو لەقووڕی سوور دروستکراون، شەوخراونەتە ناوتەپاڵە (ڕیخی مانگا) وەو سووتێنراوە .واتە وەکوو کوورەیەکی ئاگر شتەکانیان تێدا سووركردۆتەوە. ئەمانە هەمووی تابەیانی لەناو ئەو ئاگرەدا بەجێهێڵراون، بۆبەیانی دەرهێنراون. کاتێک بەیانی دەریانهێناون، پاکراونەتەوەو کەمێک سواخ دروان. ئەمەتەکنیکێکی نوێ بووە لەم ناوچەیەدا بەکارهێنراوە، چونکە چینیەکان کوورەیان بۆ شتی فەخفووری بەکارهێناوە، بەڵام لێرە ڕیخی مانگایان بەکارهێناوە. سەیرلەوەیە ئەوشتانەی کەبەم شێوە دروستکراون، هەمان قابلیەت و شێوەی قاپ و قاچاخی فەخفووریان هەبووە. لێ ئەوەی جێگای سەرنجیشە، ئەم پیشەیە، پیشەیەکی ژنانە بووەو خانمێکیش بەناوی ئوسا خاتێ، باشترین وەستای ئەم بوارە بووە.

سەماوەر وسەتڵ و دەبە و سینیش لەئاسن وتەنەکە دروستکراون، باشترین وەستاش، ئوسا عوسمان تەنەکە و ئوسا سدیق بوون.

مەکدان، کەلە پاشماوەی خوری جام دروستکراوە. بۆ هەڵگرتنی خوێ و داوودەرمانی چێشت دروستکراوە. خاتوو سۆسەنی حەمەئاڵی، لەم بوارەدا زۆردەسترەنگین بووە.

هێڵە ساو، بەردێکی ساف و لووس بووە (لە گوندی هەجیج دروستکراوە) وەکوو ئیسفینج وابووە، ژنان بۆ پاککردنەوەناوماڵ بەکاریان هێناوە.

هالوە، قاپێکی تایبەتی بووە، کەلە دار دروستکراوە وشێوەیەکی لاکێشەیی هەبووە. بۆ ماست دروستکردن بەکاریان هێناوە.

دەسهاڕ، بۆ سلوەر کووتین بەکاریانهێناوە

جلوبەرگ و ڕستن و چنین

پووزەوانە، گۆرەوی، گورەوەی گوڵ سەعاتی، مل پێچ، کلاو، شالی ژنانە، چەتفە. لەم بوارەشدا چەند خانمێک زۆر دەست ڕەنگین بوون، خاتوو (عائیشەو ئوسا حەبسە، نازداری، بەهیە حەمە حسێن) . کەزۆر دەسترەنگین شارەزابوون.

چوخرانک، (ڕانکوچۆخە، یان شاڵ) . ئوسا وەسیم و ئوسا تالە، ئوسا نادری حەکۆ، ئوسا وەهاب. زۆر دەسترەنگین بوون لەم بوارەدا.

فەرەنجی، کەلە پەژمی کاوڕ (بەرخ) دروستکراوە. هەروەها غەرەک (فەرەنجی درێژ بۆ شوان دروستکراوە) . چەند کەسێکیش خەریکی ئەم کاڵایە بوون، لێ ئوسا حەمەخان باشترین وەستای ئەم بوارە بووە.

## کلاش و پالآ



دیارە کلاش بۆیەکەمینجار لە تەوێڵەدا دروستکواوە، پاشان بەهەموو هۆراماندا بلاوبۆتەوە. کلاش دووجۆری هەبووە، کلاشی گیوەیی. کەبنەکەی زۆرناسک و باریک بووە. ئەمەش باشترین جۆری کلاشە. جۆری دووەمیش کلاشی عادی (سادە) یان پێ ووتوە. وەستا زۆربوون، لێ ئوسا ئەبوبەکرو ئوسا سلێمان، باشترین وەستا کلاش بوون.

پالآ یان پێڵاو، کەلەپێستی مانگا دروستکراوە، ژنانە وپیاوانەی هەبووە. هی پیاوان زمانەیەکی گەورەلەپشتیەوەبوو، بەلام هی ژنان ئەم زمانەیەی نەبووە. ئەم پالآیانەش تەنها لەزستان و پایزدا لەپێ کراوە. (ئوسا عەزیز وئوسا حەمە ی ئوسا سالح)، پالآی جوانیان دروستکردووەو، ئوسا حەمەی ئوسا سالح، کابرایەکی شاعیرو هونەرمەندیشبووەو، دەروێشی شێخ حوسامەدین بووە.

کەمانە، خامیتە. ئەمە بۆناوبەفر لەپێ کراوە، کەلەشێوەی کەماندا دروستکراوە بۆناو بەفر بەکارهاتووە. ئەمانەش هەموو لە دار دروستکراون.

## فەرش و شمەکی ناوماڵ

مۆج، وەکوو چەرچەف یان بەرگی نوێن وابووە، داویانە بەنوێنداو ماڵیان پێ ڕازاندۆتەوە. بۆسەر جەنازەش لەسەرقەبران بەکارهێنراوە.

نمەڵ، فەرشی بچووک بووە لەناوماڵدا ڕاخراوە.

جاجم، وەکوو لێفەو بەتانی ئێستا وابووە لەکاتی نووستن بەکاریانهێناوە.

جگەلەوەش فەرش و ڕاخەریش دروستکراوە، لێ زۆربەکەمی. دیارەئەم پیشەیەش لەژێردەستی ژناندا بووەو چەند خانمێک ناوبانگیان لەم بوارەدا هەبووە، لەوانە خاتوو (سۆسەنی حەمە ئالی، خاتوو فاتمی ئوسا یدیق) .

دووک، ئامێرێکی تایبەت بووە، لۆکەیان پێ ڕستوە و بۆ دروستکردنی قووماش بەکاریانهێناوە. ئەم ئامێرە بەشێوەیەکی سادە لە دار دروستکراوە. ئەمڕۆ لەکارگەکان هەمان ئامێربەکاردەهێنن، بەلام بەشێوەیەکی مۆدێرن و گەورەتر دروستدەکرێت. زۆرجاریش ئەم قووماشە ڕەنگ کراوە، لێ ئەوەی جێگای سەرنجە، نۆکیان بۆ ڕازاندنەوەی ئەم لۆکەیە بەکارهێناوە. دەنکە نۆکیان خستۆتە ناوقووماشەکەوەو جوان لوولیان کردووە، پاشان کردوویانەتەوەو ڕەنگیان بەسەردا ڕژاندووەو، بۆتە نەخشێکی جوان بۆ قووماشەکە. ئەم جۆرەش بۆ کراسی ژنانە بەکارهێنراوە.

هەروەها دووکیان بۆ دروستکردنی دەزوو، دەزووی تایبەتی کلاش بەکارهێناوە.

## هەلاج و جۆلآ

لەتەوێڵە چەندین هەلاجی تێدابووە، کە خەریکی دۆشک و لێفەو پشتی دروستکردن بوون. جۆلاکانیش ڕانکوچۆخەو ڕاخەری ناوماڵ و مازلووخ (بەرماڵ) یان



دروستکردووە. باشترینیان ئوسا وەهاب، ئوسا حەمە حسێن، ئوسا فەرەجی خاڵە، ئوسا وەسیم بوون.

## دارتاش

دارتاشەکان لانکەی منداڵ و دۆلاب و کەلووپەلی ناوماڵیان دروستکردووە.

هەزارپێشە، وەکوو دۆلابێکی بچووک وابووە، بۆ پیاڵەو کەوچک و قاپیان تێدا داناوە.

یەغلان، دۆلابێکی گەورەبووە، هەرچی زەخیرەی ناوماڵ هەیە (نۆک، برنج گوێز، هەنجیر، خواردنی ووشکەی تر) خستوویانەتە ناو ئەم دۆلابەوە و لەمشک و گیانەوەری تر پاراستوویانە.

دەستپیچەنێ، بۆ منداڵ بەستنەوە لەناوپێشکە بەکاریان هێناوە.

بەردەتانێ، وەکوو قۆچەقانێ وایە، بەلام گەورەترە بۆ خستنە خوارەوەی گوێزو توو بەکاریانهێناوە.

شەنێ، دارێکی گەورە بووە بۆ گوێز خستنە خوارەوە بەکارهێنراوە.

دنگ، بۆ پاککردن و کوتانی برنج بەکارهێنراوە.

ئاوان (دەسکەوان) . بۆ شت کووتین و ووردکردنی (گوێز وبرنج ونۆک ، ) بەکارهێنراوە.

جگە لەم شتانە، دارسەبیل و کەوچک و شانەی پرچ داهێنانیشیان دروستکردووە. باشترین وەستاش، ئووسا ئەحمەد و ئووسا عەبدوڵلا بوون.

خشڵ و شتی خۆ رازاندنەوە

باش لووخ، ووەکوو زنجیر وابووە کراوە بە پرچی ژناندا

چەناخ، کلاوێکی جوانی ژنانە بووە.

شەوێ، وەکوو ملوانکە وابووە.

گیل گیلێ، زنجیرێک بووە کۆمەڵێک مووروی سوورو مۆری پێوەکراوە، ژنان لە ملیان کردووە.

بازی بەن، بازنێکی باریکی بچووک بووە، ژنە بەگەکان کردوویانەتە قۆلیان.

زروو، ساقی گیایەک بووە ووشکراوەوپاشان بەدۆڵ کووتراوە. ئەم گیایە وەکوو تایت و سابوون وابووە، کەفی کردووەو جلو بەرگ و قاپ و قاچاخیان پێ شۆردووە.

گڵیسەر، جۆرە قوورێکی تایبەت بووە، وەکوو شانپۆ ژنان بەکاریان هێناوەو خۆیان پێشتووە.

ئاساو، ئاش

ئاساو یانی ئاش، لەتەوێڵە چوار ئاشی تێدابووە. سیانیان هی شێخ حووسامەدینی نەخشەبەندی بوون. دانەیکیشیان هی مەلا جەلال بووە.

جەراح

کاتێك ساڵی پار گەڕامەوە، هەموو تەوێڵە دادوبێ دادیان بوو لەدەستی ماروودووپشک. شەو نەبوو ماروودووپشک بەخەڵکیەوە نەدا. کارەساتەکە لەوەدابوو، هەموو هۆراما ن یەک دکتۆری تێدانەبوو. خەڵکی چەند شێوازێکی عەنتیکەو عەجایبیان بۆئەم نەخۆشیە دۆزیبووەوە. بۆنموونە کاتێک یەکێک مار، یان دووپشک پێوەی بدایە، یەکسەر بەچەقۆ شوێنەکەیان بریندار دەکردو خوێنەکاین بەدەم فڕێ دەدا. یان هێلکەی کولاویان دەخستە سەرئەو جێگایەی کەمارەکە پێوەی داوە. گەر ئەم شێوازانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەکارهێنرابانایە ئاسایی بوو، بەلام ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، کەخەڵکی ئەمڕۆ هانا بۆئەم شێوازانە بەرن. گاڵتەجاریەکە لەوەدایە، تەنها لە تەوێڵەدا 92! دۆکتۆر هەیە، هەمووشیان لەسلێمانی دادەنیشن. کەسیان ئامادەنین بێنەوە تەوێڵە یان هۆرامان. دەیانووت دکتۆر تاهیر هەفتەی جارێک دێت، ئەویش بۆئەوەی نەخۆش (مشتەری!) بۆ عەیادەکەی رابکێشێت و، چارەسەری کەسیش ناکات هەتا نەچیتە سلێمانی بۆ عەیادەکەی. من لەگەڵ چەند هاورێیەکی سەردەمی زانکۆم قسەم کرد، کەئێستا بوونەتە دکتۆر. پێشنیاری ئەوەم بۆکردن، کەئەم 92 دکتۆرە لەناوخۆیاندا ڕێکبکەون، هەرجارەی یەکێکیان سەردانی تەوێڵە بکات، کە بە سێ مانگ جارێک رۆژێکیان بەردەکەوێت. لەڕاستیدا بۆ (مووجامەلە!) گوێیان بۆگرتم، بەلام کەسیان ئامادەییان تێدانەبوو.

دیارە لەتەوێڵە پێشتر چەند جەراحێکی باشی تێدابووە، کە دەست وپای خەڵکیان چاککردۆتەوەو، خەتەنەی منداڵیان کردووەو، چەند عەمەلیاتێکی بچووکیشیان کردووە. دەبێت ئەوەش بڵێم کەلەتەوێڵە جەراحەکان (تلیاک) وەکوو شرینقەی بەنج بەکاریانهێناوە، بەتایبەتی (ئوسا سدیق و ئوسا عەبدول رەحمان) کەبە تایفەی عەزیز دەلاک ناسراون، زۆر شارەزاو جەراحی باش بوون. جگەلەمانیش. ئوسا سادق (کەبە ساڵقڵە) مەشهوورە، ئوسا حەمەی کێخاو.

لەژنانیش خاتوو گوڵی، دەستێکی باشی جەراحی هەبووە.

لەکۆتاییدا زۆرسووپاسی دایکی خۆشەویستم (سوعاد ئیسما عیل بەکر) دەکەم، کەیارمەتیەکی زۆری دام، بۆنووسینی ئەم ووتارە

# ئەلتەرناتیڤو کوردی مشوم چیشبو؟

هەورامان عبدالرحمان

کورد چاوەختۆن کە چەمیشکەردینێ و ویش ئەشناسان هەستش کەردەن کە میللەتیوی بەشوریا ن و مافەکیش ئینێ لاو خەڵکیوی نەیاریۆ، بۆکەی هەمیشە دلی گێژاوەو رەمایو ماڵویرانیو دەربەدەری مەملەکەتا بیەن پەی بەدەس ئاوردەو بریو چا مافە سوننەتیاشە. زەمانیو کە کورد جە بارودۆخیوی هەژارەنە ژیوی و تازە پاش نیابینە پرۆسەو خەباتیش، کەشە سەختەکی کوردستانی خاستەرین دوسیشبینی، بنەو تاشو تلو کەمەر و مەرەکا خاستەرین پەناگاو حەشارگە و دیواخانیشبینی، چی چیوە سروشتیاوە کە گنا بەرو تواناو ویماوەو دەسکردی ویما نیەنی فیری بیینمی کە کەسایەتیما هەمیشە پەشتی بە هیزەدەرەکیەکا بەسو.

میللەتو کوردی هەرپسە تاریخما شاهیدیما پەیمدو دمای ئا ماوە دورودریژو خەباتو تێکوشانیشە پەی یاوای بە بەواقیعیییەی وەرمەکاش تازە بەتازە سەرگەردانا و دڵتەنگ و سفر یەکش بەدەسا. فرەجاری پیا مژنەڤو (وەشڵەیم بە پاری) . رەنگبو فرەو جاریچ ئاوات وازو ساڵەکاو پەنجاو وارتەریچ، چون چاوەختانە نرخەو مرۆڤەکا فرە بەهاتەرەبی تا ئیسە، جە هەر دەڤەریڤو کوردستانیەنە مرۆڤیو ڤنیش مجیێییێ خەڵکەکە ئەجیش چیویوی هەر فرە فرە سەیرو سەمەرە و نالەبارو عەجیب رووەشدێنە، ئاخر ئەگەر مرۆڤیو کوشیابیێ چا وەختانە فرە چیویوی ناهەمواربی .کۆمەڵگاو ئا وەختیە کوشتەو ئینسانەکا ش پەی هەزم نەکریی، ئینسانی و بە مەرگو ویش مەردەبیێ ئاساییی بەڵام کوشیای فرە زەحمەتبی، ویرم مێ لاو ویماوە دلپڕاسەو حەفتاکانە جە دەڤەرو هۆرامانیەنە دوی یەری پیێ کوشیێ خەڵکەکە هەتا ماویوی فرە چادماتەر هەر باسو کوشیای ئا یەرە نەفەرەیە نەبرییوە و هەر

وەرو چەماشاوە گمی نەبینی هەمان کاتیچەنە تەرسیوەی فری کۆتیبینە دڵو خەڵکی. چا وەختۆ ئیتر ون متەیو کوشیای یەوا ش یەواش سەرچەمەش گرت . ئینەیچە پەی ئانەیەبی کە حیزبو (ئەلفی) مەردمەکەی تەرسنو نەلکو حیزبو (بای)رە. پیا تاڤو ڤاچو تومو حیزبایەتی و دوبەرەکایەتی دلی میللەتە بەدبەختەکەیمانە نریا. تومو فەرهەنگیوی ناموی تیکەڵو فەرهەنگە پاکو بیگەردەکەیما بی جە شکڵو حیزبایەتییەنە و مەغزشوری جوانا پانەیە کە مشیوم چەمبرمی میللەتا تەری با ئیمەیچ جە دماکۆتەیی نەجاتما بوو، ئانەبی ئی ئایدیە چەکەرەش کەرد. خو ئەگەریچ نەتیجیویچش بیەبێ سەرو سەرەیو سەرو چەما، بەڵام نەتیجەکەش ئانەنە وینمیش. جوانەکیما بەنامی پێشکەوتەیو ،پاریزگاری جە کریکارو هیتیارو، وەرزیەرو، پاریزگاری جە مافەکاو مرۆڤیو، دتموکراسیو ...دروسکەردەی ریکڤزیایە جیا جیایاو... هتهد چا ئازادیە سروشتیە بی غەلو غەشەنەکە بیش کۆتینە دلی ماجەرێوی بی بنی کە ئیسەیچ ناڵمی دەسشۆ . ئانەنە دڕەیە وشکیوە کە سیاوا ماروش شکە مەبەرمی دەسشیەی بەرمی بەنیەتو کومەکیوی کە چی هەڕاوینە بەرماکیشوڤە. ئی حیزبایەتیە یاوا ئاستیو میللەتو کوردیش کەرد نەک دوی بەشی بەڵکو هارگاو گرد یانیویش کەردە دوی هارگێ، براش جە برای کەرد، تاتەش جە ئۆلادی کەرد، دوسو رەفیقی پرچیێ، موحەسڵەکی هەر یو بە ئایدیڤو فکریوی جیاوە کۆتینە مێدانو سیاسەتی. وردە وردە گردو چینو تویژەکی و کۆمەڵگەو کوردەواری درزیشا کۆتینەو دەسشاکەرد بە تیربیەیۆ و سەنگەر گرتەی ئۆ یوترینی وە هەستیوی (من منو ، تو تو. ئیمەو شمە) پیدابی دلیشانە، دەرنەتیجە چی جەنگە سەردۆ ئانە بی جەنگی چەرمە دەسش پەنە کەرد لافاوەو ونی کورد بەدەسوکوردی هورزتە و درزەکی کۆمەڵگاکەیما بەداخەوە پانتەرییبیو و تا پاسشە پەنە ئامان ئارو میللەتو کوردی ئیتر خەریکا مانیانو بڕواش بە هیچ چیویوی نەمەنەن. چیگەنە جاریو باسو دەسو دوژمنەکا مەکەرو جە

هاندایشانه پەی دوبەرەکایەتی دلی ریزەکاو خەڵکەکەیما.

ئارو ئانا پەرلەمانما هەنو، جیای سەنگەر گرتەی دژو یوترینی ئانا بەغدانه خەریکینمی کورسیی گیرمی دژو نەیارەکاماو، رەیسیما دوی) زلی) هەنی، یو جه بەغدانه نیشوره (خوا نەکەرو ئەجو توشو نەوەشی فیقدان زاکیرەی بیەن ، کەلیمی "کوردی" نمێدەمشەنەو) یو جه کوردستانەنه هەر ئاغا بەڵێ کەرو، وە هەرپاسه حکومەتما هەنو... دماتەر ئانا پەرلەمانما هەنو… هتد. بەڵام بەداخەوە ئی دامو دەزگێ خەریکا بینی توقه ملایملانه ملو مەردمو هیلاکو کوردستانی. وینمی کاربەدەسەکی سەرۆ تا ڤار ماشەڵڵا ئننه دۆڵەمەنی بیینی زەمین چیرو پایشانه گولانه مرمانو، چیویو بەنامی خزمەتو مەردمی بەرنامەشانه نیا. برپاره کرچو کاڵەکی پەرلەمانەکەیچ گرد پەشتەو پەردەینه وەڵتەر قەرارشا سەردریان بەبی ئاگاداری میللەتی. نەبیەی یاسایو نەبیەی میکانیزمیوی پەی ئیجراکەردەو یاساکا، کە کۆمەڵگای ریکوزو، بیەن هۆو گەندەڵیو تالانیو بیرەوشتیو فەسادی ئیداریو ئیجتیماعی دلی کۆمەڵگاو کوردەواریمانه. مەردمەکەما دلی زۆنگاوەو بیئاگایی و نەزانیەنه گرفتارو دەردیوی بیدەرمانی بیەن . ئینه بیەن هۆکاریو کە مەردم ئیتر خەریکا باوەڕش نەمەن پا مێتودیه کە تا ئیسه تاکه ڕاو داواکاریەکاو میللەتەکەیما بیەن .بیا تاڤو واچو گرچیو پەی کوردی دریا سەنگەو مەحەکی و زەمانەی گرچیوش پەی ڕوشن کەردۆ.

بێگومان چون شیعاره زرقو برقەکی پراکتیزه نەکەریێ وە گرچیو پیچەوانه بۆ پەی میللەتی، چون بەرژەوندی تەنها بەرژەوەندی ئا ئاغایابی کە تومەکەشا نیا دلیمانه ،چون مەسەلەکی تەنها تەفرەقەو قرکەردەو کوردیبی بەدەسو ویش، چون پەلەقاژی مەنەیۆ کورسی و دەسەڵاتی بی، چون کیسەپەرکەردەیو تالانبو، زەمین ورەتەیبی ، وە چون نەتیجەکەش وی وادای و وی فەرزکەردەی بی سەرو رەشورۆتیو فەقیرو هەژاریەرە، نەتجەکەش سەرەش ئارویۆ بەرشی کە وینمیش. بەڵام بە بڕواو من ئیتر خەریکا کورد بێگومان پەننه هورگیرو. نمازو جاریوتەر تاقمبوتەر دیسان بەنامی مافو میللەتیۆ نەماوە ومنه. چون سێسەرەو حیزبایەتیۆ دمای نزیکەو سەدیوی کورد نه جه باری دەرونیۆو نه جه باری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیۆ ئاسودە نیا وە جه گرد میللەتاو تەری بارودۆخش خراپتەرو زەبون تەرا. دەسەڵاتدارەکیش هەر ئینێ فکرو کیسه پەرکەردەیەنه، ئەی ئەگەر تازەکیما کە تازه چەپلێ کوا پەی دۆریوتەری مشیوم کیسەکی ئادیشا کەی پەرپیا؟ تا تازەکی یاوا پەنه کونەکی گردو کوردی حەپەلوشکەرا .

بەڵام چیگەو چاگه مژنەڤیو کە چەخماخەو ئایدیوی ڕاسی خەریکا ئا هۆرە سیاوەو ئاسمانو کوردیه ڕەمنای ڕەمنوڤە، خەریکا بە عەدالەتو، دادپەروەریو، یەکسانی، ڕاسواتەیو، ڕاسکەردەی ئیسلاحو کۆمەڵگایش دەسپەنه کەردەن و بنیادش منیووە. وە بە مورالێوی پاکۆ بنیادو تاکەکاو کۆمەڵگای سەرلەنو کەروڤە، تومو دوبەرەکی من منو تو توی نمازو و جه رەگو ڕیشۆ هورشکیشو. گرکەس بەیەکسان چیرو یاسایەنه بوو، دۆڵەمەنو هەژار، سیاڤو چەرمە، مەزهەبیو بیمەزهەبی، سیاسیو نا سیاسی... هتد چون یو ڕێزشا ڤەنه گیریو و ددان بە تەواجدیشارە بنریو.

مەردمو کوردی چێوەڵ هەتا ئارو بە بڕواو من دژو شەپۆلەو فەرهەنگو ویش مەلەوانیش کەردەن پۆکەی تەنگە نەفەس بیەن و خەریکا گوشەکەنار مدرو، چێولای مشیوم پەندی جه گوزەشتەیش گیرو، مێتودو خەباتەکەیش فارو پانەیه کە کەسایەتی تاکو کوردی سەرلەنو پوختە کریووە جه گرد چەپەڵییوی کە وەڵتەر گرتەنش،وە بە ئایدیوی پاک بەسیجکریو کە کەرو ئینقیلابیوی ڕوشنفکری، تا ڕەورەوەو ژیانیش) داینەمو ژیانیش) بئوەگەڕ. چون وەختیو تاکەکی پاکی بیی جەگردهەڵسۆکتیڤەنه ئیتر

ڕەنگدانەویوی پاکیچشا بوو دلی کۆمەڵگایەنە. ئاوەختە سەرو کولتوریوی پاکیۆ بیناو یاسا و دامو دەزگاکاش منیورە، دەرنەتیجە کۆمەڵگێوی مەدەنی کە یاسا سەرووەرا و موئەسەساتی یاسایی دلیشەنە حکمداری کەرا ڕاسبوڤە. کەواتە وەختیو ئەساسیتەرین پێکهاتو کۆمەڵگای کە کەرو تاکو ئا کۆمەڵگایە ڕۆشنویربی و پاڵشەنە باوەڕییوچش بی دەر نەتیجە کۆمەڵگێوی( کڤالیتە خاس) پەڕ جە چەمکە مرۆیەکا ویش مرمانو. ئاوەختە مەرم گرد پیوە بەنیەتیو دا هێنانیوی تازەی بەنیەتو سەرجەنو بیناکەردەیۆ سیستەمیوی سیاسی کە مەحکەم کریابو سەرو تەرکیزکەردەو موراڵو" تاکی" کۆمەڵگاکەیش کەرو نمونەو کمەڵگاکا تەری . دەی ئەگەر تەماشیڤو تاکو کۆمەڵگاو کوردی کەرمی گرفتارو دوی دەردە کوشندان : یوشا نەبیەی داینەمویوی کە مۆراڵو ئا تاکیە ڤزوگەڕ، ئەویتەرشا کەمی ئاستو ڕۆشنویریش کە بو بە هۆکارو بەسەقەت مامەڵە کەردەیش چەنی دەوروبەریش. هەرپۆکەی وینمی پەی نمونەی کەرکوک خەریکا باییو ئەمرەی واقیعە و بە شاریوی عیراقی جە قەڵەم دریو، ئینە گیلۆڤە پەی نەبیەی زانستیو، نزمی ئاستو ڕۆسنویری کاربەدەسەکا کە مامەڵیوی سەقەت چەنی نەیارەکاشا کەرا. یان تاومی ڤاچمی هەر ئننەشا پەنەن پەی قەناعەت کەردەو وەراوەرەکەیشا .

ئەی مشیوم ئەڵتەرناتیڤما چیشبو ؟ مشوم ئی دامو دەزگێما چەنینیبا تا تاکو دلی کۆمەڵگاکەیما دد ان بە بیەیشبنریو؟
بە بڕواو من ، ئەگەر گەرەکمابوو حەیاو حکومەتو دامو دەزگا سیاسیەکاما بارمێ یاگی و قسی ئیدو ئەویما نەیا سەر، پیا تاڤو دەسبەروپەی بنیاد نیاو موئەسەسەی یاسایی ، تاکۆمەڵگا کەمانە یاسا سەرووەربوو پەی دروسبیەو تاکیو پاکبیەیش جە جەپەڵی مشیو بیرو باوەڕیو ویش برمانو یەکەم کارش ئانەبوو تاکەکاو کۆمەڵگای گوشکەرو بە دەسپاکی ، ڕەوشت بەرزی، ڕێزگرتەی، ڕوشنفکری ، تەربیەتو ...هتد. دەی خو ئەگەر ئەساسیتەرین پایەو کۆمەڵگای ،کە(تاکا (سەروئی چمکا پەروەردە کریابوو ئیتر سەوای هەر ئا تاکەنە دەسەڵات گیرو دەس و حکمەکەش ڕەنگە مدوڤە .

من پسە هۆرامیوی فەرەجی بەشانی ئەجوم کۆمەڵگای سەرکۆتە ئا کۆمەڵگانە کە یاسا دلیشەنە سەرووەربوو وە موئەسەساتی دەستوری حوکم کەرا، تاوەکو پەی تاکەکاو ئا کۆمەڵگایە دادپەروەریو یەکسانی و مافەکی مرۆڤی زامنی کریا. هەمان کاتیچەنە حوکمی خاس ، من ئەجوم، حوکمیوا کە جە بەردەیڕاوەو هەرمانەکاشەنە ددان بە تەواجدو تاکو دلی کۆمەڵیەرە بنیو وە ڕێزش وەنە گیریو و ئازادبوو ، نەک پسە ئارو کوردستانەنە هەن کە بۆشاییوی فرە وینیو بەینو تاکیو دەسەڵاتیەنە کە بیەن هۆکارو دروسبیەی قەیرانە جۆراو جۆرەکا. جا چی باسمانە کریو پەی وانەری بەرێزی کولتەرش کەرمێ سەرو یەری بەشا :

(1میللەتو کوردی جە ئەنجامو حیزبایەتیۆ کە تومەکەش جبەرو فەرهەنگو کوردیۆ ئامانەنە دلی خاکەکەیش، هەرچی بشیو نەشیو پەنەش کریا.

(2پەی ئانەیە سیاسەتەکەش ڕووەو ئاوەدانیش بوو، مشوم یاساو، موئەسەساتی یاساییش با، پسەو میللەتاتەری.

(3پەی ئینەیە خیانەت نەکەرو ، دوربوو جە فەسادی ئیداریو کۆمەڵایەتی، مشوم بە ئایدییوی پاکو پوختە گوشو تاکەکاش کەرو بە سەلیقیوی ئیسلاح تەڵەبانە سەرو ئەساسو (مورالی . )

سەرچەمە و بابەتی

http://www.hawramanno.net/Mananesh-Altrnativo-kurdi-Msho-17-01-20088.html

# بە کوردم مزانی یان چێش ؟



شاخەوان /// بەریتانیا

گەر تەماشاو هەورامانی کەرمێ جە گرد بەشێوە جە مێژونە تا ئارۆو چ کەسایەتی و یان نوسەرو شاعرە غەیرە هەورامێ بە شێوێ جوان باسشا جە هەورامانی کەردەن و کەسچ تا ئیسە بە خراپە باسو هەورامانیش نەکەردن چن نوسەرێ سۆرانێ نەبا کە ماوێن باسما کەرا. گەر گەرکیچما بۆ باس و ئا نوسەرو شاعرا کەرمێ ئانە ئشۆ دەیان لاپەڕێ پەڕ کەرمێ تا تاومێ نامەکاشا بنویسمێو بزانمێ چێشا واتەن وەمنێچ گەرکم نیا وەختا گیرو. گێرە گەرەکما باس و چن چێووێ کەرو و هەوڵی دەو کە فرە درێژش نەکەروە.

یۆ چا نمونا گەرکما سەرەتاو باسەکەیش پەنە کەروە مامۆسا گوراناو گەشتەکەێش پەی هەورامانێ .گەر هۆنیاوەکێ مامۆسای وانێۆ جا مزانی چ شاکارێوەش نوستەن سەرو هەورامانی وە چە نی باس جە جوانی و ڕەنگینی و مێماننەوازی و زیرەکی خەلک و هەورامانی کەرۆ . من گەرەکما بزانو ئارۆ ئەگەر هەرچی شاعری کوردی و دنیای هەنی بەریشا هەورامان تاوا هۆنیاوێ چامنێ بنوەسا ؟ نەک واچو ئارو شاعر یان بە هەورامی )هۆنیار ) ێ خاس نیا تا چێوی چامنە بنویسۆ من گەرکما واچو ئانە مامۆسا گۆرانی دیەبێ هەورامانەنە سۆزو جۆشو مامۆسای جمنابێ فرەو ئا جوانیا هەورامانەنە نەمەنێنێ و گێرە هەورامان خەریکا ئانچ کە مەنەن دلێنە برێۆ و بە هۆنیاوەکێ مامۆسای و وەسف و نوسەرەکاو هۆنیارەکا گرد با بە ڕازێ و ئەفسانەیێ گەر فریا و هەورامانی نە گنمێ. ڕەنگا پرسیارە کەری واچی ئی گرد مێژوە چەنی بۆ بە ڕازە ئی کابرا تێك شیەن ؟ منیچ ماچو نە گیان تێک نەشیەنا وردە وردە فرەو ئا چێوا کە مامۆسای باسکەردێنێ دلێنە شێنی و هیچ ڕاگیرێچ مەکریۆ یلخود هەمکاری مەکریۆ پەی وەرنگار بیەیۆ ئی جەدەسدایە ی جوانیا کە مامۆسای باس کەردێنێ جە باخ و جۆگەو تەلانو دیواخاناو فرە یچش وێتا مزاندێ دلێنە شیەن و وێران بێنێو ئانەیچ کە مەنەن وە فرە گرنگا کە ئیسە مەیمێ سەرش( زوان ) خەریکا دلێنە بشۆ. زوان بەڵێ زوان زوانی هەورامی کە زوانێن گەر فریاش نەگنمێ دلێنە مشۆو ئا وەختە من ئەجۆم هەنگامە نرێنە کە بۆ بە ڕازە.

من پێسە ویم هۆکارەکەێش گێڵنوە پەی دەسەلاتی کوردی و ڕۆشن وێری کوردی و هەورامی بە تایبەتی . چون گەر داوا کەری کە زوانی هەورامی دلێنە نەشۆو با ونێۆ چن نوسەرێ نەوشێ دەیان تۆمەتی وزا پالۆ ئا کەسا کە دوا کەراو وە . وینمێ بە ئاشکرا جە دەستورو هەمیشەی کوردستان و باشوری کولەکێ تەریچەنە نامی زوانی هەورامی نامێنە پەس ئینە زوانەکەت کە بۆبە ناسنامەکەت کەلتورەکەت فەرهەنگەکەت ئانە کە تۆ بەسۆوە بە هەورامی بیەیت دلێنە مشۆ .

رەنگا واچی چی دەسەلاتی کوردی خۆ فرەو هەورامیەکا وێشا مەلاوە پەی دەگایەکاشا ئشۆ چی خەتاو دەسەلاتی بۆ یان کەس ڕاش جە ڕۆشن ویرەی هەورامی نەگیرتەن کە بە هەورامی بنوسۆ دەسەلات واچۆ چێش یان واچی چێش کە ئاکەسێ نوێنەرایەتی هەورامانی کەرا وەرو کورسیەکاشا هیچ مەواچاو مەکەرا خەتاو دەسەلاتی چی؟ دەی من هەر ماچو خەتاو دەسەلاتی کوردینە ئادەسەلاتە کە ئارۆ کوردستان و باشوری بەرو ڕاوە ..چەنی ؟

ئاجا چێنە ماناو سەر وتارەکەی رونە بۆوە ئازیزا. بە کوردم مزانی یان چێش؟ . پێسە واتما ئانا دەستورو کوردینە کولەکێ تەریچەنە نامی زوان یان هەورامی نامێنە وە چێوێ دلۆەش کەریچش نیا چەنە کە جە ئایندەیچەنە داواکاری ڕۆشن ویرەکا هەورامانی کە زوانی هەورامی پاریزۆ چەنە بۆ ئینە پەی زوانی کە هەرمانەو دەسەلاتی کوردینە

که پارێزنۆش دەرەتانو ئانەی دریۆ جە هەورامانەنە زوانی هەورامی ونیۆ گەر منیچ بە بەشێ جە وێت مزانی وکوردەنا .ئانەیچ مزانمێ کە بەشێ جە مێژوکەیما بە هەورامی نوسیان .

تەماشەکەرمێ ناوچەو هەورامانی ناوچێوە سەر سەخت و شاخاویابە چنەها ساڵێ زەحمەت و رەنج و هەورامیەکا پا وەختە یە یاوابێ کە مامۆسا گۆرانی گەشتەکەش کەردەبێ. دیما کە ڕژێمو بەعسی گۆڕبەگۆڕی چەنی گردش وێران کەردو بارش کەردیمێ وەڵی گرد بەشێ جە بەشەکا تەرو کوردستانی وێتا مزاندێ چی ؟ بە تۆمەتو هاوکاری شۆڕشی . خۆ تۆمەتیچ نەبی گێرە ڕاسیچ بێ شۆڕش هەورامانۆ پارێزیاو ورش داوە وە هەر هەورامێچ بێ ویەردەنە دەبابش بە خنجەرە گێرت شانازیچ پا تۆمەت و بەعسیۆ کەرمێ کە تاوانبارێش کەردیبێمێ بە هام کارێ شۆڕشی .دماو بار کەردەی جەنگ و ئیراق و ئیرانی ئاماو دیما دماتەریچ دماو ڕاپەڕێنی پێسە ماچۆ (برین و برا کۆشتەیم فکر مەوزۆ) بە هۆو ئا جەنگیچۆ هەورامان هەر زەرەر مەند بێ با نەلو سەرو باسو ئیسلامیەکایچ چ بێڕیزێشا کەرد بە هەورامانی دماو پرۆسەو ئازاد کەردەی ئیراقی جە دەسەڵاتو سەدامی و وە هەورامنی جە ئیسلامەیە تونرەوەکا وە گێلایۆ هەورامانی چێرو دەسەلاتو کوردی تا ئارۆ کە وینمێش هەمکارێ ناوچەو هەورامانی پەی ئاوەدان کەردەیۆش نەکریان وگێرە رۆ بە رۆ ئا جوانیە مامۆسا گۆرانی باسکەردەبی کاولتەر بۆ. بە کوردم مزانی یان چێش؟ گەر تەماشا کەرمێ واتما ناوچەو هەورامانی ناوچێ وەشو دڵ گیرا جیاتی ئانەی دەسەلاتی کوردی بێ ناوچەکەی کەرو بە پارکێ پارێزیاو وە ئا دارستانو گیاندارو جوانیە کە ئینێ ناوچەو هەورامانینە کە گرد وڵاتێ پارکی چامنەشە هەن. مێ بنکەو ئایر کوشنایۆ کە بیارێنە بێ وزورە وە ڕوانە ئایرێ گناوەو وە ئانەیچ کە بەرشیەن دماو ئا کاولکاریەکا وردە وردەی سۆچۆو دلێنە مشۆ .

بەکوردم منزانی یان چێش ؟

با نەلمێ سەرو باسەکا بە گەرمی جون فرە چێوی هەنێ سەرشابلمێ مەتاومێ بە ئاسانی بزیەیمێ دەی کە دەسەڵات هاوکاری نەکەرۆ ویما مزانمێ کە هەورامان سەختا دەرئامەتو هەورامانی ئینا باخەکانە وە هەرمانە دەسیەکی باخەکێچ پا ئاسانیە مەباوە باخێ ئەگەر هاوکاری نەبۆ فرە سەختا. خۆ بانەلمێ سەرو خزمەت گوزاری پێسە کارەبێ و جادەو تەندروسی پێسە واتما بێ دەرامەتی کارێچش کەردەن هەوامیەکی هەورامانی چۆڵ کەراو پەی خاستەر ژیوای ڕوە کەرا شارەکا کە ئانەیچ تێکەڵ بیەی چەنی فەرهەنگێ تەری و کە بۆ هۆکارێ پەی دلێنە شیەی فەرهەنگ و کەلتورو هەورامانی.

دەی لابەرە با سەرەتا نە ئیشنو مەلو سەرو سیاسەتی گەر هەورامی گەرکش بۆ سیاسیانە فکر کەرۆوە یان کەمی هەورامی تۆخ بۆ چێشش سەرەرە ماراو کەرا من چێنە چن چێویم وستێنی ڕوە کە تاوو پرسیارە کەرو کە بە کوردم مزانی یان چێش ؟ ئا پرسیارچە رەنگا لا فرەو هەورامیەکاوە دروسە بۆ کە چی جیاوزی بونە خۆ خەباتەنە قسورما نەکەردەن و خۆ کاولکاریچ دیەنماو پێسە واتما کاولکاریەکە سەرو چێشی بێ گەر هەورامانتا پا شێوە فکر شیەبۆوە ئانا گلەیچ مەکەردی کە ئەگەر هەورامی ئی پرسیارێشە لاوە دروسە بۆ بە کوردم مزانی یان چێش ؟..

من وێم هەمیشە دژۆ ئا پرسیارێنا کە کریۆ بەڵام گەر دەسەڵاتی کوردی گەرەکش بو ئا پرسیارێ لا تاکو کۆو هەورامێۆ دروسە نەبۆ ئیسەیچ دێر نیا کە هەم پەی دەسەڵاتی کە بێوە سیاسەتکەیشەرە وەرانوەرو هەورامانی و وە پەی تاکوکۆی هەورامیچ کە ویرێ جە هەورامانی کەرۆوە.

بەڵام گەر هەر پاسە بلۆ وە دەسەڵاتی کوردی لێوە جە هەورامانی نەکەرۆوە ئانا پێسە پرسیارەکێ دروسە بێنەو خەریکا پارتی هەورامی دروست کەرا خەتاو کەسی نیەنەو تاونەکەیش مەوزدێ ئەستۆ هەورامیەکا گریە تاونەکش گنۆ ئەستۆو دەسەڵاتی کوردی وە مێژو ئاگادارا کە کێ تاوان بارا من پەوکەی ماچو تاوان بار چون دەسەڵاتی کوردی تاو

ئا پرسیارێ جه ویرۆ تاکۆ کۆو هەورامینە لا بەرۆ گەر لایچش نەبەرۆ من پێسە کوردێ بە تاوانش مزانو . بەگێرتەی و تۆقنای و پەشت گۆ وستەی هەورامانی بە هیچ مەیاوێ و گێرە هەورامیەکا تورەتەرکەرۆ.

منێ کە نوسەر نیەنا و ویچم بە نوسەر مەزانو بەلاَم ئانە کە وینیشو مژنەوش کارێم پەنە کەرۆ کە بەوە دەنگو دەس دەو قەڵەم وە هەستو ویم بەروزو داخۆم کەسێ هەورامی نوسەر یان رۆشن ویر یان هەر کەسێتەر کە کەمێ خەموەرو هەورامانی بو ئشو چێش واچۆ یان بنوسۆ یان چ پرسیاریوەش لاوە دروسە بۆ من مەتاو ویرو گرد هەورامێ وانوە بەلاَم گەر هەر هەورامێ پێسە من ویر کەرۆوە ئانا دەیان پرسیارێ دروسێ با......

من چێنە گەرەکما واچو خۆ هەورامی تەنها چن دەگێوە نیەنێ تا پاسە پەشت گۆ وزیۆ چون هەورامان یان زوانی هەورامی چ جە رۆژهەلاَ تەنە یان باشورەنە یا جە باکورەنە یا شەبەکەکی یا یارسانەکی و هاواریەکێ و زەردشتیەکا رو وەرێ فراوانو کوردستانی گێرۆوە ئێ پرسی کە من بە کورد مزانی یا چێش کاریگەریێ گەورەش هەن سەرو بارو دۆخو سیاسی کوردستانی بە خاس یان بە خراپ .دەی کرێۆ پیسە چاوەڵتەر واتم دەسیلاَتی کوردی تاوۆ نازۆ ئا پرسیارێ دروسە بۆ لاماوە ئایچ بە لاکەردەیۆ جە هەورامانی.

بەلاَم ئەگەر دەسەلاَت پێسە واتم لا نەکەرۆوە جە هەورامانی ئانا بە نەزەرەو من تادێر نەبیەن پەی هەورامانی وە زوانی هەورامی ئشۆ سیاسەت مەدارو رۆشنویرو دڵسۆزێ هەورامانی قسێشا کەرا یۆو راچارێ خاس بێزاوە کە ناوچەو هەورامانی و زوان و کەلتوری هەورامی پارێزمێ وە نازمی بو بە رازەو ئەفسانە بەهیواو ئانەی کە تا دێر نەبیەن ویرێ جە هەورامانی کەرمێ . مزانو کە بابەتەکەم رەنگا ئەکادیمی نەبۆو تێکەڵو پێکەڵ بەلاَم بە هیواو ئانەی کە چێویم پاونابو پێسە واتم نوسەر نیەنا . ئینەیچ نمونێ جە شاکارەکەو مامۆسا گۆرانین تەنها چن بەیتێنێ تا بزانمێ چێشش مەنەن ئارۆ

چا چێوا .
پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ
ئەکشێتە ناو باخ تولە ماری رێ
شنەی سێبەری تاری گوێزو توو
ئەسرێ ئارەقی رێبواری مانوو
*****

خانوی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم
هەندێ قنچ و قیت هەندێ لارو کۆم
یەک لەسەر یەک تربەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەک پی پیلەی دێو

سەرچەم

http://www.hawramanno.net/Mananesh-Be-Kurdm-Mzani-16-01-2008.html

---

**جە سایتو بێساران و هۆرامان**

**پـــاییز ئـامـــاوە (مامۆسا بێسارانی)**

**پـــاییز ئـامـــاوە پـــاییز ئامـــاوە**
**یـــاران نـەوە پـــاییز جە نـۆ ئامـــاوە**
**بـــۆڵبـــۆڵ پەرێ گــوڵ مـات و دامـــاوە**
**عــاشقـان سـەودای دەروون تـامـــاوە**
**قــەڵـەڵـەی ســووەیل زیـــا جە یەمـەن**
**کەردەوە سێ وەنگ تەمـەی چـەمـەن**
**طەبەق طەبەق هەور سیەی دوودی تـەم**
**نـەمەدا سـەرزەمین بـە شێلاَوی چـەم**
**بــــیـــان بـــوینـــان دەردەداری دەرد**
**خـەزانـی ضـایـف زەعـفـەرانـی زەرد**
**وەشـڵە بە خـەزان پەی وێش مەبۆ زەرد**
**ئــەو جە واچەی وێـش من جە تاو دەرد**

# دەنگو باسو هونەرو هۆرامانی

به بۆنەو هەشتەمین سڵیادو مەر زیلیرەی بەرنامەو هانه ڕەنگینەی جه ڕۆژ تیڤینه



ڕۆ یەکشەمەی 14:00 بەکات و ئەوروپای ڕێکەوتو 20/01/2008 بەرنامەو زیندەو هانه ڕەنگینەی بەرنامێ چەم پەنەکەوتەی هونەرین چەنی هونەر مەندەو گەنجەو وەشیوسو هەورامانی خانم ) دنیای فەتاحی ) کە کناچێ بەرێز هونەرمەندا ( ناهید و رزگار ) هەورامینەو وە ( دنیا ) خانەیچ ولێنە جە بلەچە هونەریەکەو بنەماڵەو فەتاحی. وەبە نامی پەلیانەو هەورامان نۆێۆ بەگەرمی پیرۆزبای وێما جە ستافو ئامادەکەرو پێشکەشکەرو بەرنامەکەی کەرمێو هیواو سەرکەوتەیشا پەی وازمێ و وە هیواو سەرکەوتەی پەی ( دنیا ) خانێچ وازمێ. وە بە هیواو ئانەی هەشتەمین سلیادو بەرنامەو هانە ڕەنگینەی بو بە هەنگامێ پەی خاستەر خزمەت کەردەی بە هەورامانی

پەلیانەو هەورامان نۆی

---



## پەیمانەو ساڵی تازی فیرگە و کەڵاسوو زوانی هۆرامی

هاوار نەقشبەندی

یادگیری و فیربیەی زوانی هۆرامی، کەلاس یا فیرگەش یانەن و مامۆسێش ئەدا و تاتەی وشەویس و دەسیارەکیچش واڵە و برای گۆرەتەرینی .

پەی وەرۆ بەردەی ئی هەرمانە پیرۆزێ پیویستیما بە دوی چیوا هەن، یوەم ئەشۆ فیرگەکەنە (یانەنە) بە هۆرامی گۆ کریۆ.

دوەم کات ئاژین کریۆ پەی وانەرەکا تا بە تیر و تەسەلی زوانی ئەدایی فیری با.

پەی نموونەی ئەگەر ویسووچوار کاتژماری جە ژیوای زارۆلیوی جە یۆ جە شارگۆرەکا کوردستانوو باشووریەنە وزمی وەروو چەما، هەر جە ساعبی زوۆ کە هۆرزۆ ، شۆنەو نان واردەی ساعیبەرە ملۆ پەی مەدرەسەی و جاگە بە سۆرانی و جە پاڵشەنە بە کرمانجی موانۆ. ئانەیچما ویر بۆ کە جە بڕیو جە شارەکانە عەرەبیچ زوانی رەسمیا، هەرپاسە کە جە ئیرانەنە فارسی و جە ترکیەنە ترکی ..

مەدرەسە چوار تا شش کاتژماری بەرۆ، کەی کەردەی چەنی هەمتەمەنا جە بەرۆ دوی کاتژماری بەرۆ کە پەیش هەن ئا هەمتەمەنیچە زوانیوتەرشا بۆ.

با واچمی ئیسە ئیتر شەوەنە و زارۆڵی نانشا واردەن و دەرسوو سەوایچشا کە بە زوانیوتەرا وانانۆ و کاتوو تەلەوزیۆن تەماشاکەردەیشا یاوان، چوار کاتژماری فرە تا کەم چەمیشا وڕی با شیشی تەلەوزیۆنەکەیەرە و بڕیویچشا هەر چاگە وەرمشا گنۆ پۆرە. زوانوو کاناڵە تەلەوزیۆنەکایچ تا نەوەد و دوی دەرسەدی زوانیتەرینی ، سۆرانی، کرماجی، فارسی، عربی، ترکی و یا.......

سەوایچ دیسان هەر پاسە و بە هەمان شیوە ملۆ وەرۆ.

دیسا با چی سەروو ساڵی تازینە چەنی ویما پەیمانە بینمی کە زارۆڵەکاما فیروو زمانی هۆرامی کەرمی و پتەوتەر بنەممی ئۆ ئی هەرمانی.

سەرچەمە و باسەکەی http://hawramanno.net/Mananesh-Salhei-Tazi-16-01-2007.html

## چی ۆەرەنە جەمیۆ پەرسیاری کە ریزوار ریژین (پەیامکیانەو کوردستان نوی) کەردینی ئۆ سیامەند هۆرامی، چەنی جوابەکاشا مەیا- پەلیانەو هۆرامانی

## ریزوار ریژینە ، سلام

دەست وەش بو پەی زامەتیۆی کە پەی هۆرامانی دانتەنە ۆەروو ویت ، نەمانیەی و سەرکۆتی بی!. سەروو پرسیارەکات. من دەقوو پرسیارەکات منۆیسوۆ و بە ریز جوابشا مدەوۆ.

ریژین: شمە چەنی تەماشەو دروس بیەو حزبیۆی هۆرامی جە کوردستانەنە کەردی؟

سیامەند: هەر حزبیۆ کە بتاۆو بە بەرنامە و بە کردەۆە گنونە ڕاساو ۆەرۆ بەردەی دیموکراسی و پاریزنای بەرژەوەندی مەردموو کوردستانی ئیمە بە خاسش منیەیمیرە.

ریژین: دروس بیەو حزبوو هۆرامانی چی باروو دۆخەنە چەنی ۆیندی؟

سیامەند: گردما مزانمی کوردستان ئارو ئینا بار و دوخیۆی تایبەتیەنە. پاسە کە میژوو مرمانو، کوردستان کەمتەر وەختیۆەنە وەزعەی پیسنیشە بە ویشۆ دیینە. کوردستان ئارو سەرە راو گرد کەم و کوریۆی، دەنگوو دیموکراسیش جە گرد یاگێۆتەروو خاۆەر میانەی بەرزتەرەنە. دیموکراسیچ چیۆیۆا کە بەر دەوام مشیوهەرمانەش پەنە کریو پەرەش پەنە دریو ئەندا ملو و فۆتیو. ئازادی حزبا یو جە بنەما بنەرەتیەکا دیموکراسیا و حزب ئەرە نیای یانی پراکتیزە کەردەی دیموکراسی. ئارو جە کومەڵگا دیموکراسیەکانە چند حزبی تەبلیغ کریو و بە جددی هەرمانەش پەی کریو. جا من ئجوم حزب وەش کەردەی، بە مەرجیۆ، حزبیۆی جددی بو، بە بەرنامە وبە کردەۆە چەنی مەردمی وڕاو مەردمیەنە بو جە بار و دوخوو ئارو کوردستانیەنە ئینا یاگی ویشەنە.

ریژین: شمە چ زانیارییۆتا هەن سەروو ئی حزبە تازەیە؟ تکایە بە ئیمەش یاۆندی!

سیامەند: راسەکیش ئیمە زانیارییۆی فرەما سەروو ئی حزبیە نیا. من جە ئینترنیتەنە و بە تەلەفوون جە پیدا بیەی ئی حزبیە ئاگادار بیا. شەۆیوەیچ جە یانەو پاڵتاڵکی هۆرامانیەنە گوشم جە قسەو باسوو بەریز شیخ عەبدولرەحمانی بی. جاریۆ ئاگایی ئیمە چا حزبیە هەر ئینا چی ڕادەنە و ۆەس.

ڕیژین: ئایا جە بنەڕەتەنە شمە دژبە دروس بیەو حزبی هۆرامیەندی؟ یان پەنەتا خاسا کە حزبی هۆرامی پەی خزمەتوو مەسەلی نەتەۆایەتی کوردی مەرزیورە؟

سیامەند: نەخێر ئیمە دژ بە حزبی هۆرامی نیەنمی و ئەساسەن دژبە ئەرەمەرزنای حزبا نیەنمی. حزب یانی جەمۆ بیەی جەمیۆ جە مەردمی. جەمۆ بیەی مەردمی خراب نیا. خرابە وەختیۆ ویش نیشانە مدوکە ئا جەمە بە ۆاتە، نۆیسەی و یا بە هەرمانە، خرابیۆ کەرا. یانی خاسەو خرابی حزبەکا، بەرنامە و کرداروو حزبەکا دیاریش کەرو.

پەیش هەن جە کومەڵگێۆی دیموکراتیکەنە کەس یا کەسانیۆ گەرەکشا بو جە وەزعیۆی دیاریی کەڵکەی خرابە هور گیرا و بەرژەوەندی ویشا ۆزا وەڵی بەرژەۆەندی مەردمی. بەڵام ئا کەج ڕەۆیی بە هیچ لێۆ مەیاۆا.

دیموکراسی هەر ویش میاۆو فریای ویشۆ و دەردەکا ویش دەرمان کەرو. جە کومەڵگای دیموکراتیکەنە ۆەراۆەروو هەر لاریۆیۆ سەدان ڕاسی ئینێ میدانەنە.

ئەری من مەرەجیوم پراکتیزە کەردەی دیموکراسی ئینا خزمەتوو مەسەلی کوردیەنە و گردما مشبو ئینەما ۆەروو چەماۆە بو و هەرمانەش پەی کەرمی. حزبی هۆرامانیچ ئەگەر بەرنامی و هەرمانەشا گنانە گوزاروو دیموکراسی، متا ۆا یاردی دەری ئی پروسەیە با. حزبی سیاسی زەمانیۆەنە وەش بو، کە جەمیۆ جە مەردمی بریۆ هەرمانی نەکریێ و ئەرە کۆتی جە کومەڵگانە ۆینا و بە ئاۆەزوو ویشا گنا ۆیروو چارەسەری. ئارو گردما مزانمی هۆرامانەنە هەرمانی فری سەروو دەساۆە مەنینیۆە و نەکرییێنی، ئینەیچە ئا زەمینەیە وەش کەرو کە حزبیش سەرۆ وەشی با.

ڕیژینە: ئەگەر سەروکوو حزبی نامی بریای چند دەلیلیش با پەی ئەرەمەرزناو ئی حزبیە، ئایا شمە وەڵامتا چیشا پەیشا؟

سیامەند: ئیمە تەلاش کەرمی تا پەشتی بە دیموکراسی بینمی. جوابوو ئیمە جوابیۆی دیموکراسیانەن. دیموکراسی بە روشنی ماچو: هەرکەسی پەیش هەن حزبوو پەسەندوو ویش مەرزنورە و یا بو بە ئەندامو هەر حزبیۆی کە لاشۆ پەسەندا. دیموکراسی هەر پاسە کە پرنسیپەکاش مرمانو، ڕاو ۆەر گیری جە پاشیل کەردەیچشا نیشانە مدو. ئی شارە ئوروپاییە کە ئیمەش چەنە مژیۆمی بە دەیان حزبیش چەنەنی، برییۆیچشا نە بە بەرنامە و نە بە قسی خاسی نیەنی و خاس مەۆاچا، بەڵام تا زەمانیۆ کە جە چوار چیۆەو پرنسیبە دیموکراتیەکانە نەزیاۆە، کەس بە فیزیکی دەس نمارونە ڕاشا. سەرشا منۆیسا و ۆەراۆەرشاۆە تەبلیغ کەرا و ریخنیشا ۆەنە گیرا، وەلی هەرگیز مەۆاچا مافوو حزب وەش کەردەیشا نیا. دیموکراسی یانی ئازادی حزبا. جە هەمان کاتیچەنە یاسێ مەدەنیی هەنی وهەرکەسی ۆەراۆەروو هەرمانا ویشۆ ۆەر پەرس منیارە.

سوخەنداروو ئەنجمەنوو فەرهەنگی هۆرامانی - یوتوبوری (سوید) سیامەند هۆرامی

03-11-200

---

## بەیاننامەی کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی لەئەوروپا دژی هێرشی تورکیا



ئێمە بە ناوی کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی لە ئەوروپا، نا ڕەزایی خۆمان دژی هێرشی تۆرانیە فاشستەکان بۆ سەر باشووری دەردەبڕین و بە هەموو شێوەیەک ڕسوای دەکەین. لە هەمان کاتیشدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدە سەربەرزەکان دادەنەوێنین. ئێمە ئەوە هێرشە دڕندانەیە بەپێشێلکاری بۆ سەر هەموو نەتەوەی کورد دادەنێینو بەشکاندنی سەروەری میللەتی کوردی دەبینین. بۆیە بەتوندی دژی دەوەستینەوەو دەنگی خۆمان دەدەینە پاڵ دەنگی هەموو ڕزگاریخوازانی کورد کەئاواتیان کوردستانێکی سەربەخۆیە. هەروەها داوا لە دەسەلاتی باشوری کوردستان دەکەین کە هەڵوێستی ڕونتر بنوێنێت بۆ یارمەتی دان و بەرگری لە ئازادی خەڵکی کوردستان و ڕێگە بدات بەمیدیای ناوچە و جیهان کەجێ بۆرد ومانی ئەو هێرشە وێرانیەکانی ئاشکرا بکات، کە زیانێکی گەورەی گەیاندوەتە دانیشتوانی سڤیلی کورد لە ناوچەکەدا .

بژی کورد و کوردستان

سەرکەوتووبێت بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان

کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی لەئەوروپا

Hawraman Jurnal

Number 9, 2008



# Turkish Aggression and Racism in Kurdistan!

BY ASO BYAREIY

SWEDEN

www.hawramannet.tk

Email: assobyari@yahoo.com

Copyright Hawraman All rights reserved